## بەشداری پێوەندیەکانی هەولێری سازمان لە ڕیٚ و ڕەسمی ١٥ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامی



ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٧، شاندێکی پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان بێهروز ئەردەڵان لێپرسراوی پێوەندی هەولێر و بورهان شاهمورادی و ڕەحمان پوور کەریمی، لە ڕیٚ و ڕەسمی ١٥ ساڵەی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی لە هۆڵی هایستی هەولێر بەشداریان کرد. لەو ڕیٚ و ڕەسمەدا ژمارەییێك لە نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەشدار بوون هەر بەو بۆنەوە هەیئەتی سازمان، پەیامی پیرۆزبایی یان پێش کەش بە بەڕێز ماموٚستا سەلاح الدین بەهادین ئەمینداری سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مەکتەبی سیاسیان کرد.

## سەردانی پێوەندیەکانی هەولێری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

ڕۆژی سێ شەممە ٢٧/ ١/ ٢٠٠٩ شاندێکی پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات ی کودستانی ئێران بە سەرپەرستی بێهروز ئەردەڵان لیپرسراوی پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات ی کودستانی ئێران و بەڕێزان ڕەحمان پوورکەریمی و بورهان شامورادی سەردانی بنکەی بزووتنەوەی دیموکراسی خوازانیان لە هەولێر کرد و لەلایەن بەڕێزان شکرالله حەمەد ئەمین سکرتێر و کاك چەتۆ و کەریم عەباس ئەندامانی دەفتەری سیاسی پێشوازی کران.

دانیشتنەکە کە ساعەتێکی خایاند تێدا باس لە ڕووداوەکانی ناوچەکە و کوردستان بە تایبەتی کراو دو لایەن لە سەر دۆستایەتی زیاتر پێداگریان کردەوە.

***

## بەشداری کۆمیتەی نورویٚژ لە ڕیٚ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان



ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، کۆمیتەی نوروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەشداری کرد لە ڕیٚ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان.

لەو ڕیٚ و ڕەسمەدا کە نوێنەرانی ژمارەییێك لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی بەشدار بوون، لەلایەن کۆمیتەی نوروێژ، کاك لەتیف نادری و خوشکە گوڵاڵە نادری ئەندامانی کۆمیتەی نوروێژی سازمان بەشدار بوون و پەیامی کۆمیتەی نوروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان پێش کەش کرد.

***

## بەشداری کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات لە ڕیٚ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان

ڕۆژی شەممە ٣١ی ژانویەی ٢٠٠٩، هەیئەتێك لە کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەشداری ڕیٚ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کرد. لەو ڕیٚ و ڕەسمەدا کە ژمارەییێك لە کوردانی دانیشتووی کانادا و نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکان بەشدار بوون، پەیامی ژمارەییێك لە سازمان و حیزبە کوردستانیەکان پێش کەش کرا.

لەلایەن کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، خۆشکە تابان پەیامی کۆمیتەی سازمانی پێش کەش بە بەرێوەبەرانی ڕیٚ و ڕەسمەکە کرد.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی دڵسۆز و تێکۆشەری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بەداخەوە شەوی شەممە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، ٢٠٠٩/١/٣١ کاك خالید عبدالله زادە (عبدی) ئەندامی چالاك و دڵسۆزی سازمانی خەبات بە هۆی نەخۆشی سەخت و چارەسەر نەکراو کۆچی دوایی کرد.




کاك خالید عبدالله زادە لە ساڵی ١٣٧٢ پێوەندی بە ریزەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانەوە کرد و زیاتر لە ١٠ ساڵ پێشمەرگە و کادری دڵسۆزی سازمان بوو و لە کونفرانسی پێداچوونەوە بە قەوارەی ڕێبەرایەتی سازمان کە لە بنکەی بەکرەجۆ لە نزیك شاری سلێمانی لە ساڵی ١٣٧٧ بەسترا بە ئەندامی ڕێبەرایەتی سازمان دیاری کراو بەو پەڕی لێهاتوویی ئەرك و کارە تەشکیلاتیەکانی سازمانی خەباتی بەڕێوە دەبرد. وەك بەرێوەبەری رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان، نووسینی بابەت بۆ تێکۆشان ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمان، و کاری پێوەندیە گشتیەکان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیەکان، کە لە تێکڕای ئەرك و کارەکانی دا سەرکەوتوو بوو.

لە ساڵی ١٣٨٣بە هۆی کەموکوڕی باری نالەباری ژیان کاك خالید لە کاری ڕەسمی و حرفەای پێشمەرگەیی دوورکەوتەوە، بەڵام بەو جۆرەش وەك کادر و ئەندامێکی دڵسۆز و چالاك، ئەرك و کارە سازمانیەکانی بەرێوەدەبرد و وەك بەرپرسێکی تەشکیلاتی لە شاری سەقزدا لە پێك هێنان و دامەزراندنی هەستە تەشکیلاتیەکان و بەرێوەبردنی چالاکیەکانی سازمان لە ناو شاری سەقز و شاری سلێمانی کوردستانی عێراق دەوری بەرچاوی هەبوو.

بەڕێز و تێکۆشەر کاك بابە شێخی حسێنی سکرتێری گشتی سازمان و ڕێبەرایەتی سازمان سەرەخۆشی گەرم بە خانەوادەی بەڕێز کاك خالید عبدالله زادەی تێکۆشەر و دۆستان و ناسیاوانی پێشکەش دەکەن و لە پەژارەیاندا خۆیان بە شەریك دەزانن.

بێ گومان کۆچی دوایی کاك خالید عبدالله زادە، خەسارەتێکی گەورە بوو، بۆ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و کەس و کاری.

یاد و بیرەوەری کاك خالید عبدی لە لای ڕێبوارانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دەمێنێ و چالاکیە کەم وێنەکانی چ لە مەیدانی کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا و چ لە مەیدانی تەشکیلاتی و نیزامیدا سەرمەشق و نمونەیین و هەموو کات یادی بەخێر دەکرێتەوە و ڕێز لە کار و هەڵسوڕانە کەم وێنەکانی دەگیرێ.

کومیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

یەکشەممە ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ کۆچی خۆری

## کاری تەبلیغی دۆستانی سازمان لە ناوچەی بانە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دۆستان و لایەنگرانی سازمان لە شاری بانە و دەوروبەری کاری تبلیغیان ئەنجام داوە.

ئەو شوێنانەی لە ناو شاری بانە کاری تەبلیغیان تێدا کراوە، بریتین لە:

گەڕەکی خواروو، نزیك مزگەوتی ماموٚستا شێخ جەلال، مەیدانی سەعات، پشتی بانکی سپە و گەرەکی جوولەکەکان، هەروەها گەڕەکی مزگەوتی شێخ الئیسلام و گەڕەکی بیمارستان و کوی فەرهەنگیان.




شایانی باسە کار تەبلیغی لە دێهاتەکانی کانی سوور، شوێ، ساوان و چەندین دێی دیکە ئەنجام دراوە.

***

## کار و چالاکی تەبلیغی ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات لە شاری سەقز



بە پێی هەواڵی گەیشتوو، ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کار و چالاکی تەبلیغی بەر بڵاویان بەڕێوە بردووە.

ئەو گەرەك و شوێنانەی سەقز کە کاری تەبلیغیان تێدا کراوە بریتین لە: بیمارستانی سەقز و دەوروبەری گەڕەکی مزگەوتی جامیعە، پارکی مەولەوی و دەوروبەری شارداری، کەریم ئاوا و مەیدانی هەڵۆ.

***

## سنوورەکانی وێبلاگ نووسین و بڵاوکراوەکان لە کرماشان

رادوێ ئاڵمان: فشار بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و وێبلاگ نوسانی کرماشان زیادی کردوە. وێبلاگە ڕەخنەگرەکان زوو دادەخرێن و ڕاگەییێنەکانی لەو شێوە وورياىی یان پێ دەدرێ. دوو بڵاوکراوەی "ندای جامعه" و "نوای وقت" لە ماوەی یەك مانگدا دوو جار وورياىی یان پێ دراوە.

کرماشان حەوتەمین شاری گەورەی ئێرانە و نزیك بە ٨٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژی. نەبوونی سەرمایەگوزاری پیشەسازی و ژێرخانی، هەژاری، بێکاری و کۆمەڵێك کێشەی فەرهەنگی بۆتە هۆی بەرەوسەرچوونی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان لەکرمانشان و شارەکانی تری پارێزگاکە. پارێزگای کرمانشان لەباری سەرژمێری زیندانیان، لەریزی ١٠ پارێزگای یەکەمی ئێرانە. سەرژمێری خۆکوژیش لەکرمانشان لەسەرەوەیە. کرمانشانیەکانیش لەگەڵ پەرەسەندن و ئاسانکاری پێوەندییەکانی ئینتەرنێتی، ڕوویان هێناوەتە دروست کردنی وێبلاگ و ماڵپەری هەواڵدەری و خەریکی بڵاوکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی شار و پارێزگاکەیانن. فەرزاد پورمورادی، ڕۆژنامەوان و وێبلاگنوسی کرمانشانی بە دوویچەویلە دەڵێ کە ڕوهێنان بۆ لای وێبلاگ و سایت لەو شارەدا لەو یەك دوو ساڵەی رابردوودا زیاتر لەجاران بووە.بە پێی ووتەی ئەو ڕۆژنامەوانە، وێبلاگنووسانی کۆمەڵایەتی کرمانشان بە دوو جۆر دابەش دەبن. دەستەیێك کە کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەدەنە بەرلێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن و دەستەکەی تریش لە نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسانی بەرێوەبەری نزیکن.فەرزاد پوورکەریمی باس لە فیلتەرکرانی وێبلاگێك بەناوی "بێستون" و گیرانی وێبلاگ نووسێك بەناوی "ئومێد وەلی زادە" لەشاری جوانرۆ دەکا. وێبلاگی بێستون، ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی یەکێك لەنوێنەرانی مەجلیس کردووە. بڵاوکراوەی " نەوای وەقت" ماوەیێك لەمەوبەر لەلایەن ئێرشادی ئوستان، ورياکراوەتەوە. نیگەرانی ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆی کرمانشانی لەوەیە کە ئێرشاد دەتوانێ بەگەیشتنی ورياکردنەوەکان بۆ ٨٠ جار، بڵاوکراوەییێك دابخات. فەرزاد پورمورادی، نمونەی تری فشار بۆسەر بلاوکراوەکانی سەربەخۆ و ڕەخنەگری کرمانشانی بە یارمەتی نەدانی ئێرشاد بە ئەوان دەزانێ. بەپێی وتەی پورمورادی، هەرشەش مانگ جارێك یا هەموو ساڵێك، ئێرشاد قەرز یان ئیمکاناتی تر دەخاتە بەردەست بڵاوکراوەکان، بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە بە مەسائیلی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، ڕوانگەییێکی وردبینانە و ڕەخنەگرانەیان هەیە، لەو یارمەتیانە بێبەشن.

***

## گوازتنەوەی دەستەییێك لەزیندانیان بۆ بەرێوەبردنی

بەپێی ڕاپۆرتەکانی گەیشتوو لە زیندانی دەسگردی ئیسفەهان، ٧ زیندانی بۆ ژوورەکانی تاکەکەسی بە مەبەستی بەرێوەبردنی حوکمی ئیعدام گوازراونەتەوە. ئەو زیندانیانەی کە گوازراونەتەوە بۆ ژوورەکانی تاکەکەسی تەمەنیان لە نێوان ٢٥ تا ٤٠ ساڵ بووە و ناوەکانیان بریتیە لە:

حەمید بابایی ٣٥ ساڵە، لەبەندی ٤ی زیندانی دەزگردی ئیسفەهان بەتاوانی مەوادی موخەدیر

محەممەد گورگی ٢٥ ساڵە لەبەندی ٣ی زیندانی دەزگردی ئیسفەهان بە تاوانی مەوادی موخەدیر، ٢ ساڵە لەزیندان دایە.

ئومید نووری ٢٧ ساڵە، لەبەندی راهێنانی زیندانی ئیسفەهان، ٥ ساڵە زیندانیە

یاسین جەعفەری ٢٧ ساڵە، لەبەندی ٤ی زیندانی ئیسفەهان، بەتاوانی مەوادی موخەدیر و ٤ ساڵە زیندانە

عەبباسعەلی قاسمی ٣٧٠ ساڵە، لەبەندی ٤ی زیندانی ئیسفەهان، بەتاوانی مەوادی موخەدیر و ٤ ساڵە زیندانە

عەلی ئەکبەر فەرشادفەرٍ ٤٠ ساڵە، لەیبەندی ٤ی زیندانی ئیسفەهان، بەتاوانی مەوادی موخەدیر و ٥ ساڵە لەزیندانە

ڕەسوڵ سەبوری ٢٥ ساڵە، لەبەندی ٤ی زیندانی ئیسفەهان بەتاوانی کوشتن ٥ ساڵە لەزینداندایە.

ئەو ئیعدامانەی کە بەشێوەی کۆمەڵ دەکرێن ئامانجێك بێجگە لەدروست کردنی ترس و دڵەراوکێ لەنێو خەڵکی ئێراندا نییە. لەدوورەوە چاولێکردن و لێنەپرسینەوەی پێشێلکەرانی یاساکان و بەڵێننامەکانی نێودەوڵەتی لەلایەن کۆمەڵگای جیهانی بۆتە هۆی پەرەسەندنی ئەو جینایەتانە لە ئێران.

***